# پێشەکی بۆ کۆچێکی ناوادە

لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

نووسینێکی کورت لەسەر نووسەرێکی پڕ بەرهەم کارێکی دژوارە. کاتێک کە نووسین و بەرهەمەکانیشی پەلی هاویشتبێتە بواری جودای بیرکردنەوە و داهێنانەوە، پێویستی بە خستنە بەرباسی جودا جودای بەرهەمەکان هەیە. خاتوو «مەهاباد قەرەداغی» لەو نووسەرانەیە کە بەرهەمی زۆرە و ناوەرۆکی بەرهەمەکانیشی چەندان بواری جودا دەگرنەوە. لەو نووسینەدا هەوڵ دەدەم خاڵێکی هاوبەش لە هێندێک لە نووسینەکانی مەهاباد قەرەداغی بخەمە بەرباس و ئاوڕ لە بەشێک لە نووسینەکانی بدەمەوە. ئەو خاڵە هاوبەشەی دەمەوێ لە هێندێک نووسینیدا باسی لێ بکەم (ژن و کێشەی ژنانە).

وەک کوترا بواری چالاکییەکانی خاتوو «مەهاباد قەرەداغی» بەربڵاو و فرەچەشنن. چالاکی بە کردەوەی بواری مافی ژنان و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بووە و لەسەری نووسیون. ئەو ئاراستەیەی لەو وتارە جودا جودایانەی کە لەو بوارەدا نووسیونی خۆ دەنوێنن. جودا لەوە لەو چەند کتێبەش کە بۆ پەرژانە سەر کێشەی ژنانی تەرخان کردوون، ڕاستەڕێی نووسینی، باسی مافی ژن و کێشەی ژنی کوردە. یەکەم نووسینی لەو بابەتەی کتێبی «ئازادکردنی مێژوو»وە.

ئەو کتێبە بە شێوەیەکی زانستی و میتۆدیک

لە دە بەشی جودا دا، ژن، خەبات و چالاکی ژنان و بزووتنەوە فێمینیستییەکان و کێشەکانی ژنی کوردی خستووەتە بەر باس. لە سیستمی دایکسالارییەوە سیمای ژن وێنا دەکا و ئەو کێشەیە تا ئەمڕۆی ژنی کورد دێنێ، بە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە تێگەیشتنی مرۆڤی کورد لەمەڕ ژنەوە بەدی هاتوون. چۆنیەتی سازبوونی ئەو ڕوانگە کولتوورییەی لەبارەی ژنانەوە لە ناو کورددا هەیە شی دەکاتەوە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی لێک دەداتەوە.

جودا لەو کتێبە، کتێبی «شەڕەفنامە» لەسەر پرسی کوشتنی ژنان بە بیانووی پاراستنی شەڕەفەوە دەنووسێ. لە لایەکی دیکەوە وەک سەرنووسەری «گۆڤاری شیکار» کە خاوەن ئیمتیازەکەی «یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان»ە، هەموو ژمارەکانی بۆ ئاوڕدانەوە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان و خوێندنەوەی ئەو کتێب و نووسینانە تەرخان کردبوو، کە یان بە شێوەیەکی داهێنەرانە کێشەی ژنانیان تێدا ورووژاوە، وەک ڕۆمان و شیعر، یان ئەو تیۆرییە فیکری و کۆمەڵایەتییانەی ئەو باسانەیان تێدا بەرچاوە، بڵاو کراونەتەوە، یان بە شێوەی نموونەیی کێشەی ژنانی نیشتمانی تێدا تاووتوو کراوە. هەر ئەو بوونە بوێر و لەهەمان کاتدا مافخوازانەیە، وای کردبوو کە زۆر جار و بە توندیش بکەوێتە بەر ڕەخنە، تەنانەت خۆیشی وەک هەموو ئەو ژنانەی لەمەڕ ئەوانەوە دەینووسی و لەسەریان وەدەنگ دەهات؛ چ بە نووسین و چ لە یەکێتیی ئافرەتان، ڕووبەڕووی نیگای پیاوسالارانە و مێرسەروەرانە ببێت و ئەو کێشەیە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی، تەنانەت پاش مەرگیشی هەر بەرۆکی خۆی و بەرهەم و هەڵوێستەکانی بەرنەدا.

بەڵام لەسەرووی هەموو ئەوانەوە «مەهاباد



**مەهاباد قەرەداغی**

قەرەداغی» بۆ من هەمیشە سیمای شاعیرێکی جددی باشوور بووە، دەنگێکی زوڵاڵ و بە هێزی شیعری کە تا ئەو دواییانەش لە شیعر نووسین نەوەستا، هەر چەند تەرخانکردنی بەشێکی زۆر لە توانایی و کاتی بۆ پرسی ژنان، ڕەنگە زۆریش لە کەشی شیعری دوور خستبێتەوە.

ناوی مەهاباد قەرەداغی وەبیر هێنەرەوەی سەردەمێکە کە نەوەی ئێمە لە زانکۆکان «شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە»ی دەخوێندەوە و لەو توانایی زمان و ئافراندنی وێنە و دەربڕینە جیاوازەکەی ئەو لەبەراورد لەگەڵ پیاوانی شاعیری کورد دڵخۆش دەبوو. دڵخۆش لەوەی کە ئەوە دەنگێکی دیکەی دلێر و ژنانە لە شیعری کوردیدا دەبیسترێ. ئەو بەرهەمەی مەهاباد قەرەداغی ناڵێم تەنیا دەنگ، بەڵکوو یەکێک لەو دەنگە جددیانەی شیعری ئافرەتان بوو کە بە پانەوە ڕیزی خۆی لە ڕیزی دەنگە پیاوانەکانی شیعری جودا دەکردەوە، ئەگەرچی ئێستاش لە هەڵوێستدا ڕەنگ و بۆی

ئـەو وارەی هــەر بەســەرەوە دیـار بـوو، بـەڵام لـە بەرهەمەکانـی دواتریـدا مەهابـاد قەرەداغـی نەتەنیـا وەشـوێن دۆزینـەوەی کەشـێکی جـودا بـۆ دەربڕیـن کـەوت، بـوو بـە ڕێبـواری ڕێیـەک کـە بـەرە بـەرە ئـە ڕێیـە بـوو بـە هەڵوێسـت و بیرکردنـەوە، ئـەو بیرکردنەوەیـە سـێبەری خسـتە سـەر دەقـی ڕۆمـان و شـیعر و توێژینەوەکانـی. ئـەو ڕێگـە و ڕێبـازی بیرکردنەوەیـە، بریتـی بـوو لـە وێنـا و دیتنی بوونی ژن بـە گشـتی لـە کۆمەڵگـەدا و بوونـی ژنـی کـورد لـە پێکهاتــەی کۆمەڵایەتــی نیشـتمانی کـورد دا.

دیـارە خـۆ تەرخانکـردن بـۆ بـەرەو پێشـبردنی بیرێکـی وا، هـەم بـواری کردەیـی دەخـوازێ و هـەم بـواری توێژینەوەیـی و تەنیـا بـە هەڵوێسـت و هەسـت و ڕوانینـی شـاعیرانە جێبەجـێ نابـێ. ئـەو ویسـتی لـەو چەنـد بـوارەدا ئەوەنـدەی لـە تواناییدا بـووە، بخاتـە خزمـەت ئـەو بیـرەوە. ئـەوەی کـە چەنـدە لـە بـوارە کردەییەکەیـدا سـەرکەوتوو بـووە و چـی کـردووە، یـان نـا، دەبەسـترێتەوە بـە خوێندنـەوەی چالاکیـی ئـەو بنکانـەی بـە کـردەوە لـە باشـووری کوردسـتان، ئـەو تێیانـدا چـالاک بـووە و هەڵسـەنگاندن و سـەنگ و سـووککردنی ئـەو لایەنـە لـە دوورەوە بـۆ ئێمـە دەسـت نـادا. تەنیـا دەرکەوتــەی ئـەو بەسـتێنەی «گۆڤـاری شیکار»ـە کـە کارێکـی بـە جـێ و بـە بایەخـە و بـە جـودا دەکـرێ لەسـەری هەڵوەسـتە بکەیـن، بـەڵام لـەوە زیاتـر بـا ئافرەتانـی چالاکـی ئـەو بـوارە لـە باشـوور، ئـەو لایەنـەی ژیانـی مەهابـاد قەرەداغـی هەڵبسـەنگێنن. ڕەنگـە بەشـێک لـەو تیر و تانانـەی کـە لـەو بـوارەدا ئاراسـتەی دەکـرا باجی هەڵوێسـتی سیاسـی کوردانـەی بووبـێ، لـە هێنـدێ وێسـتەگەی هەسـتیاری ژیانـی کـورد، لـەو ساڵانی دواییـدا لـە باشـووری کوردسـتان و شـوێنی ئـەو باسـەش بـەو هۆیانـەی پێشـتر کوتـم، ئێـرە نییـە،

بـەڵام دوو لایەنـی دیکـە کـە بەرهەمـە شـیعری، ڕۆمــان ، توێژینـــەوە و وەرگێڕانەکانێتـــی، لەبـــەر دەسـتماندان و دەتوانیـن لـەو بەرهەمانەیـدا، ئـەو هێڵـە فکرییـە ببینینـەوە کـە کوتمـان نووسـین و توێژینـەوەی مەهابـاد قەرەداغـی بەسـەریدا هەنـگاوی هەڵگرتـووە.

ڕۆمانـی «فاتیـلا» گێڕانـەوەی بەشـێک لـە نەهامەتـی و ڕووداوەکانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی نەتەوەیەکە و لە لایەکەوە نیشـاندانی کارەکتەرێکی ژنـە لـەو کەشـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەدا. د. شـوکرییە ڕەسـووڵ لـەو بـارەوە دەڵـێ: «لـە ڕۆمانـی فاتیـلادا ڕۆماننـووس شـارەزاییەکی تـەواوی لـە ڕۆمـان، سـینەما و شـانۆدا هەیـە و لـە تەکنیکـی گێڕانـەوەدا بەکاری هێنـاوە و توانیویەتی زەمەنـی ڕوودانـی ڕووداوەکـە و سـەردەمی ڕاپەڕیـن لـە ڕێگـەی کارەکتەرەکانییـەوە بگێڕێتـەوە.».

مەهابـاد قەرەداغـی لـە کتێبـی «سـاڵێک لـە دۆزەخـدا» دیسـان لەسـەر هێڵـی گێڕانـەوە قەڵەمـی وەگـەڕ خسـتووە، بـەڵام ئەوجـار گێڕانەوە لـە چوارچێـوەی بیرەوەریـدا، کەسـایەتی ئـەو بیرەوەرییـەش خۆیەتـی، خۆیـەک لـە چـل ساڵەییدا، ژنێـک لـە نـاو بەنـددا خەریکـی گێڕانەوەیـە. خـۆی دەگێڕێتـەوە بـە هەمـوو ئـەو ژان و ئازارانـەوە کـە لەبەندیخانـەدا بـۆ هەمـوو کـەس هەیـە، بـەڵام بـۆ ژن چەنـد بەرانبـەر دەبـێ. وەکـی خـۆی دەڵـێ ئەوەشـی وەک کردنـەوەی ڕێگەیەکـی نـوێ کـردووە. ئـەو تێبینییـەی لـە پێشـەکی کتێبەکـەی، لەسـەر هـۆکاری گێڕانـەوەی بیرەوەرییەکانـی وریایانـە و سـەرنج ڕاکێشـە. دەڵێ بـە تیـری ئـەو بیرەوەرییانـە سـێ نیشـان دەپێکـم:

«یـەک: شـکاندنی ئـەو دیـوارە ئەسـتوورەی بەعـس بـە ئەشـکەنجەکانی نێـو زینـدان لـە دەروونـی منـدا دروسـتیان کـرد.

دوو: شکاندنی ئەو نەریتەی کە بیرەوەری لە تافی پیریدا دەنووسرێ.

سێ: شکاندنی ڕچەی بێدەنگی ژنان لە ئاست ژیانی تایبەتی و ژیاننامەی خۆیان. دەرگا کردنەوە بۆ ژنانی بواری گشتی کۆمەڵگە، بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان بێ سڵکردنەوە، لە باسکردنی ئەو ساتانە ژیان کە بە پێی دابونەریت ڕەنگە وەک نەنگ و شەرمئاوەر ژمێردرابن.»

کتێبی «ئازادکردنی مێژوو»ش وەکی پێشتر باسی کرا، بە تێروتەسەلی لەسەر ژان و کێشەکانی ژنانی کوردی کۆڵیوەتەوە و توێژینەوەیەکی باشە کە هەژدە ساڵ لەمەوبەر چاپ بووە.

ڕۆمانەشیعری «ئەڤین ئاوی ژیانە»ش هەر لەسەر ئەو هێڵە فکرییە داڕێژراوە. لێرەدا تەنیا ئاوڕ لە پێشەکییەکەی دەدەمەوە و قسە و باسی زیاتر بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگرم.

ئەو کتێبە بە شێوەیەکی نەباو دەست پێ دەکا:

شوێن: ئۆرانووس.

کات: کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، هەموو کاتێک.

نامەی: ژمارە هەزار و یەک.

بەناوی تۆی مەزن و میهرەبان

لاس گیان! وێڕای قووڵترین ماچ

ئەوە دەستپێکی نامەیەکە، کە بگێڕەوە لە سەرەتای گێڕانەوەکەدا، خوێنەری پێ بانگێشتن دەکا بۆ ناو دەقەکەی. ئەو سەرەتا و پێشەکی و نامەیە، بەشی یەکەم، یان بەرایی ڕۆمانە شیعرێکە کە تێیدا، دۆخی سەرەتایی و کەسایەتییەکانی مەبەستی، لە ڕێی ئەو وردە گێڕانەوانەی لەو نامەیەدان دەناسێنێ.

بگێڕەوە هەر لەسەرەتاوە لە ڕێیەکی دژوار دەدوێ کە ئاکامەکەی بووەتە پەنابەر بوون بۆ هەسارەی ئۆرانووس. دەنووسێ «لەوێ لە قوتابخانەی هەتاو خەریکی وانە خوێندنە»، پاشان بە زمانێکی شاعیرانە وەسفی شوێن دەکات: «لەو هەسارەیەدا زمانی ڕووناکی فەرمییە - منیش نووتەکییەکانی گیانم ڕۆشن دەبنەوە و زمان دەگرم».

ئەو وەسفە لە شوێن، بۆ بەراوردێکە لەگەڵ شوێنێک کە ڕاوی ژن؛ واتە خەزاڵ، لەوەپێش تێیدا ژیاوە. شوێنێک بە ناوی زەوین. لەو ڕێیەوە بە لەبەر یەک ڕانانی دوو ژینگە، دوو هەسارە، دوو جۆر ژیان؛ واتە ژیانی زەوی لە ڕابوردوودا و ژیانی ئۆرانووس لە ئێستادا، دەرکەی باسێکی نوێ دەکاتەوە. لەهەردوو شوێن ئەو لە قوتابخانەیەکە بە ناوی هاوبەشی هەتاوەوە، بەڵام بەراوردی ئەو دووانە، وردە وردە کەشی زاڵ بەسەر هەرکامیان بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە.

قوتابخانەی هەتاوی زەوی، ئاوا لە زمان بگێڕەوە دەردەکەوێ: «تەنیا ناوی شوێن، فێرگە، یان ئەنستیتۆیەکە کە قوتابییەکانی تیشکیان بەرناکەوێ، کڵیشەیە، بێ گیان و بێ بناخەیە. باڵەخانەی دڕدۆنگییە.».

قوتابخانەی هەتاوی ئەوێ، بناخەی بە خشتی عەشق داڕێژراوە، ڕێساکانی بە زمانی ڕووناکی نووسراون، لە سەر بنچینە و ڕێسا و ڕێزمانی ئەڤین داڕێژراوە. لە ژینگەی یەکەمدا ژیان و لەش نووتەکە و ئەو هەر شتێکی باشی کە کەشفی کردووە، لەبەر ڕووناکی شوێنی ژیانیدا نەبووە، بەڵکوو شوێن تاریکی کردووە و ئەو بە گەڕانەوە بۆ ناخی خۆی و ئاوێنەی دەروونی و خودای ناو لەشی، شتە جوانەکان دەدۆزێتەوە و هەر لەو ڕێیەشەوەیە کە بەردەنگی ئەو نامەیەی، واتە لاس دەدۆزێتەوە. ئەو گەڕانەوە بۆ

ناوخۆیـە، لای بگێـڕەوە نوێنـەری ئەوینـە و دەبێتـە هـۆی دیتنـەوەی خۆشەویستی. خۆشەویسـتییەکی کـە لەبیرچوونـەوەی بـۆ نییـە.

نووسـەر بـە سـازکردنی کەشـێکی ئەفسـووناوی کەسایەتییەکی خستووەتەڕوو کە نوێنـەری ژنانە. ژنێـک کـە بـە پەرجوویـەک ئـەوی لـە چاڵـی ڕابـوردوو دابڕیـوە و لـە ئێسـتای هەسـارەیەکی دیـدا، لـە ڕووناکـی دەگـەڕێ.

بگێـڕەوە، بـە زمانـی هەسـارەی نـوێ و بـە مەرەکەبـی هەتـاو، دەیـەوێ نامەیەکـی ناتـەواو کە پێشتر نووسـیویە و بە نیوەچڵـی ماوەتـەوە، تـەواو بـکا. دەینووسـێ و ناوونیشـانی هەسـارەی سـووری زەوی لـێ دەدا و لـە گەیشـتنی دڵنیـا نییـە.

جـودا لـە کەسایەتی بگێـڕەوە، واتـە؛ خـەزاڵ و لاس واتـە؛ بەردەنگـی بگێـڕەوە، هـەر لـەو نامـە ناتـەواوەدا، کەسـایەتییەکی دیکـەش دەناسـێنرێ، ئەویـش «سـێوە»یە. سـێوە لـە هەسـارەی «ڤینووس»ـە. لەوێـوە پەیـام بـۆ بگێـڕەوە دەنێـرێ. لـە پەیامێکیـدا ئـاوا کەسـایەتی خـۆی دەردەخـا: «سـوپاس بـۆ نیگاکانـی لاس کـە ئەوەنـدە بـە سـەلیقە و سـۆزەوە ڕژاونەتـە نـاو نیـگا نـەرم و گەرمەکانـی تـۆوە و مـن دروسـت بـووم.».

سـێوە ئاکامـی تێکئاڵقانـی نیـگای بگێـڕەوە و بەردەنگەکەیەتـی، ئاکامـی ئەوین. سـەمەرەی ئەوینی ئـەو دووانـە مێژوویییـە کـە ئێسـتا لـە هەسـارەی ڤینـووس دەژی. «لـە زانکۆیەکـی ڤینـووس بەشـی ئەندازیـاری گـەردوون دەخوێنـێ. سـێوەش زەمینـی بـووە و بـە پەرجوویـەک گەییوەتـە ئـەوێ.

سـێوە و مامۆسـتا و شـاگردەکانی دەیانـەوێ شـێوەی هەسـارەی زەوی بگـۆڕن. ئـەوان پێیـان وایـە ئەگـەر زەوی خـڕ نەبووایـە ئـەو هەمـوو کایەیـەی پـێ نەدەکـرا و ...سـێوە بـەو ڕایـە گەیشـتووە دەبـێ زەوی سێگۆشـە بـێ، ئـەوەش لـەو بەشـەدا بگێـڕەوە وەک گرێیـەک دەیهێڵێتـەوە و هۆکارەکـەی نادرکێنـێ و دایدەنـێ بـۆ کاتێـک کە ئەگـەر لەگـەڵ سـێوە پێکـەوە دانیشـتن، لـە زمـان ئـەوەوە بیگێڕێتـەوە.

درێـژەی نامـە/ گێڕانـەوە، وەسـفی شـوێن و کاتـی لاسـە. بگێـڕەوە بـەو بۆنـەوە لـە کێشـەکانی ژیانـی نـوێ و مرۆڤـی هاوچـەرخ دەدوێ. باسـی کێشـەی زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتووانی زەوی و حەشـیمەت دەکا. پیشەسـازی بـێ لغـاو و بەسـتێن دەداتـە بـەر تیـری تانـە. تێکچوونـی ژینگـە دەخاتـە ڕوو. باسـی کۆمپانیـاکان و دنیـای سـەرمایەداری و نەبوونـی هەسـت و سـۆز و ماشـینیزەبوونی ژیـان لـە گێڕانەوەیـدا خـۆ دەنوێنـن. ژیانێـک کـە بەرهەمەکـەی مرۆڤـی نیـوە زینـدوو، نیـوە مـردووە.»، «کۆمپانیـای مـرۆڤ چێکـردن بەردەوامـە. ئۆرگانـی سێکسـی ژن و پیـاو بوونەتـە ماشـینەکانی ئـەو کۆمپانیایـە و بەرهەمەکانیـان زارۆکـە. زارۆکـی نیـوە مـردوو، نیـوە زینـدوو، بـە تایبـەت ئـەو کەرتانـەی زەوی کە ئەڤیـن یاساغە و ماچ دەدرێ لـە خاچ»، ئـەو کەشـە نالەبارتـرە و ...

بگێـڕەوە لـەو بەشـەدا ژیانـی مودێـرن و دیاردە بەرچاوەکانـی پرسـیارباران دەکا. ئـەو دیاردانـەی لـە سـەر لایەنـی ڕوحـی مـرۆڤ کاریگـەر بـوون و مرۆڤـی خەسـیو و پەسـیویان بەرهەمهێنـاوە.

ڕاسـتییەکەی ئـەوە کەڵکەڵەیـەک بـووە کـە بگێـڕەوە لەوێـش، واتـە لـە زەویـن نیـوەی بـە قەڵـەم داهاتـووە و بـۆی دانەکـوژاوە و ئێسـتا و لـە شـوێن-کاتێکـی دی؛ واتـە هەزارەیەکـی دی و هەسـارەیەکی دیکـەدا، بـەدەم فێربوونـی زمانـی ڕووناکـی و ڕێزمانـی نوێـی عەشـقەوە، هەوڵـی

تەواوکردنـی ئـەو نامەیـە دەدا.

لـە هەسارە و هـەزارەی پێشـوودا نەیتوانیـوە نامەکـەی بگەیەنێتـە دەسـت خۆشەویسـتەکەی، چـون وادیـارە لـەوێ نامـەکان ناگـەن. لێـرە مەبەسـتێتی بـێ زەرف و پاکـەت و پۆسـت، بـێ ترسـی ونبـوون و ونکـردن و بـە کراوەیـی و بـە کۆترێکـدا بینێـرێ. کۆترێـک کـە خوێنەکـەی سـپییە وەک بەفـری کوێسـتان. دیـارە هـەر کام لـەو نیشـانانە دەکـرێ بـە تەسـەلی قسـەی لەسـەر بکـرێ.

ئـەوەی لـەو بەشـەی گێڕانـەوەدا دەخوێنرێتـەوە ئەوەیـە کـە گەڕانـەوە بـۆ شـێوە ژیانێکـی دی، ئارمانجشـارێکی دی، دوور لـە پێوەندییـە باوەکانـی جیهانـی مودێـرن، بووەتـە خولیـای بگێـڕەوە.

بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش، سـیحری خـاک و بیـری ڕابـوردووی زەوی کەمەندکێشـی دەکا. گەڕانـەوە بـۆ ڕابـوردووی دووری بگێـڕەوە، لـەو بەشـەدا بـەو مەبەسـتەیە. گەڕانـەوە و گێڕانـەوەی هـاوکات. گێڕانـەوەی ڕۆمانسـیانەی سـەردەمی منداڵـی و خەونەکانـی. بگێـڕەوە بـۆ دەرخسـتنی خەونـی منداڵانـەی، بـۆ تێکەڵبـوون بـە جیهانـی بـا، بـۆ باڵێـک بـۆ فڕیـن بـەرەو بـێ سـنوور پـەل دەکوتـێ و زمانـی وەگـەڕ دەخـا. فەنتازیـای منداڵانـە، سـنوور شـکاندنە و داهێنانیشـی تێدایـە. لـە جیهانێکـدا کـە بـەردەوام سـنوور و لەمپـەرەکان دەگوورێـن، لەدایـک دەبـن و باڵا دەکـەن. لێـرەدا لەگـەڵ بـا، تـا لای خـودا دەچـێ.

پێوەنـدی خـۆی و خـودا دەگێڕێتـەوە، پێوەنـدی لەگـەڵ بێسـنوور و لـە ئاکامـدا بـە خسـتنە ڕووی کەشـی قوتابخانـە کـە نیشـانەیەک لـە دامەزراوەکانـی سـەردەمی نوێیـە، بـاس لـە کوژرانـی خەونەکانـی دەکا. ئـەو بەشـە ئەگەرچـی تـەواو لەگەڵ بەشـەکانی دی موتوربـە کـراوە و چێـژی تایبەتـی خـۆی هەیـە، هـاوکات ڕەخنەیەکـی جـددی و کورتیشـە لـە سیسـتمی پـەروەردەی خەسـاو، کـە خـەون و خولیـای منـداڵان تێیـدا دەبنـە پەپوولەپاییـزەی دەسـت ڕەشـەبا. ئـەو شـێوە نیگایـە زۆر هاوشـێوەی نیـگای «سـوهراب سـپێهری»یە لـە کتێبـی «هـۆدەی شـین»دا کـە تەرخانـی کـردووە بـۆ ڕەخنـە لـە سیسـتمی پـەروەردەی نالەبـاری ئێـران، بـۆ ئـەوەی لـە باسـەکە دوور نەکەومـەوە تەنیـا چەنـد ڕسـتەیەکی لـێ دێنمـەوە «لـە هەمـوو شـت ناخۆشـتری زەنگـی قوتابخانـە بـوو. قـەت ژوولیـت ئـادام بـە قـەد مـن لـەو دەنگـە جەحەندەمییـە ئازاری نەدیـوە. ئـەو دەنگـە خەیاڵـی هەڵدەبـڕی. هەسـتمی لـەت دەکـرد. لـە کەفوکوڵـی خۆشـی دەخسـتم و لـە جانتـای قوتابخانـەدا دەیشـاردمەوە.».

هـەر لـەو بەشـەدا بگێـڕەوە بەربەسـتی بنەماڵـە و کۆمەڵـگا بـۆ خـۆی بـاس دەکا، واتـە بـە تیرێـک دوو نیشـان دەپێکـێ، هـەم دۆخـی پـەروەردە و هـەم دۆخـی کچێـک لـە فـەزای قوتابخانـە و بنەماڵـە و ڕێگـەی قوتابخانـەدا دەگێڕێتـەوە. «پێکەنیـن یاسـاخ بـوو. نـەک هـەر لـە قوتابخانـە، تەنانـەت لـە ڕێگـەی قوتابخانـەش. دایکم دەیکوت کچـم لـە ڕێگـە سـەلار و سـەنگین بـە، تـۆ کچـی، پێنەکەنـی و ...»

بـەڵام خولیا و خودایەکیش بەردەوام لە دەروونیدا کیشـەکانی لا زەقتـر و ڕوونتـر کردووەتـەوە. «خـودا شـتی دیکـەی پـێ دەکوتـم: دەیکـوت پێکەنیـن وەک هەڵفڕیـن وایـە. خەنـدە زمانـی ڕوحـە و ...»، مـن دەبووایـە لـە نێـوان خـودا و ئەوانـدا هەڵبژێـرم. سـەرەتا بگێـڕەوە بژاردەی یەکـەم وەک چارەنووسـی خـۆی دەستنیشـان دەکا. بژاردەیـەک کـە نیشـانەکەی دەمامـک و خۆشـاردنەوەیە. هـەم خۆشـاردنەوەی ڕواڵەتـی و هـەم دزینـەوەی هەسـت و گوتەکانـی دڵ و دەروون.

دوا وێستگەی ئەو پێشەکی و گێڕانەوەیەی بگێڕەوە، لە سەرەتای ڕۆمانە شیعری «ئەڤین ئاوی ژیانە»، بە گێڕانەوەی یاخیبوونی ژنە، بگێڕەوەی ئەو نامەیە کۆتایی دێ. ژنێک یاخی لەو یاسا و ڕێسا و دەمامکانە.

«لە ئاکامدا بە دڵی خۆم کرد. ڕۆژێک بە بەرچاوی هەموانەوە خۆم ڕووت کردەوە. ئەو بەرگانەی باوکم بۆی کڕیبووم و دایکم لەبەری کردبووم، داکەند و تووڕمدان. دەمامکەکەم گرت و بە زەویم دادا و وردوخاشم کرد و ... لەوساوە هەست دەکەم خودای ناخم لێم ڕازییە، دوای ئەو هەڵبژاردنە ئیدی کە شاد دەبووم، پێدەکەنیم، کە خەمبار دەبووم دەگریام».

پاش ئەو نامەیە بەشی یەکەمی ڕۆمانە شیعرییەکە دەست پێ دەکا، نووسینێک کە لە سێ وەرزی ژوان و سێ وێستگەی ژوانگەیەک پێک هاتووە.

**سەرچاوەکان:**


قەرەداغی، مەهاباد (٢٠٠٣) ئازادکردنی مێژوو، لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ژنان، سلێمانی سەردەم.

قەرەداغی، مەهاباد (٢٠٠٥) ساڵێک لە دۆزەخ، هەولێر: ئاراس.

قەرەداغی، مەهاباد (٢٠٠٤) ئەڤین ئاوی ژیانە، ستۆکهۆڵم.

سپهری، سهراب (١٣٩٠) اتاق آبی، تهران: سروش.

ڕەسووڵ، شوکریە (٢٠١٦) ڕۆماننووسی هەموو شتزان، باس نیوز.